# با نووسەر ئاشکرا بێت لای خوێنەر ... ئەنوەر خەراجیانی



لە ڕاستیدا زۆرکەس کە شتێك دەنوسێت با هەر خۆی خاوەنی نووسینەکەی بێت باشتر وایە ناوی خۆشی ئاشکرا بکات ڕۆژی ترس نەماوە خەڵکی ئازادن چی بنووسن بەڵام با ناوی کەسێکی تری لێنە نێت. چونکە ئەو نوسەرەی کە باسێك لە کەسێك دەکات با خۆی ئاشکرا بکات، ئەوکەسەی کە باسی کراوە با نەکەوێتە شکەوە بزانێت کێ باسی کردووە بۆ ئەوەی بە غەڵەت کەسێکی تر توومەت بار نەکەن کە ئاگایان لەو جۆرە نووسینە نییە وخاوەنیشی نیین، نووسین دەربارەی گەندەڵی یان فەسادی مالی و ئیداری مەرج نییە نووسەر دژی ئەولایەنە بێت.
بەڕێز مام جەلال و کاك مەسعود زۆر جار خودی خۆیان باس لە گەندەڵی دەکەن و داوای چارەسەرکردنی دەکەن بە ئاشکرا ڕۆژنامەو میدیاکانی خۆیان باسی لێدەکەن هە مان شت نووسەریش ئازادە کە باسی لێوە بکات.
من بەرەنگاری هەموو کەسێك دەبمەوە کەوا باسم نەکردنێت بە خراپە یان نووسینی تایبەتم لە سەری نە نووسیبێت بە پێچەوانەوە لێم تێبگات، من هەموو نووسینەکانم خۆم خاوەنیم ناوی خۆشم نووسیوە بە ئاشکرا و زۆر جاریش وێنەی خۆم بڵاو کردۆتەوە لە گەڵ نووسینەکانم تاوەکو خوێنەری بەڕێز چەواشە نە بێت لە نووسینەکانم بزانێت کێ خاوەنیەتی بۆ ئەوەی نەکەوێتە شکەوە لە کەسێکی تر.
من خاوەنی زۆر چاوپێکەوتنم لە گەڵ یاری زانانی دێرین و تازە پێگەشتووەکان لە گەڵ ئەم نووسینانەدا

1 / ئاخ لە کورد
2 / با نێکەو دوو هەوا
3 / جام پڕبێت لێدەڕژێت
4 / شارەوانی و بەڕێوەبردنی شاری سولەیمانی
5 / با وەرزش بکەینە نیشانەی یەکگرتنەوەی ئیدارەی کوردی
6 / بەڵێین ئە دەین تاوەکو ئیدارەی کوردی یەك نەگرنەوەدەنگ نادەین
7 / ناهەقی تا کەی

من خاوەنی ئەو حەوت سەردێرەم کە سەرەوە نووسیومە غەیری ئەم شتانە من خاوەنیان نیم بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە باسیان دەکرێت و لە سەریان شت دەنووسن با چاك بزانن خاوەنی نووسینەکان کێن کێ لە نووسینەکانم بەشکە کە بە تایبەتی باسم کردووە یان وا هەست بکات غەرەزێکی شەخسیم لە گەڵیدا هەیە دەتوانێت پەیوەندم پێوە بکات تا وەکو جوابی بدەمەوە.
لە گەڵ ڕێزمدا بۆ خوێنەری بە ڕێز

ئەنوەر خەراجیانی
سوید / شاری مالمۆ / ژمارەی تەلەفون 004640948904
0046736238127
anwaramin@malmo2. net